خۆپیشاندانی سەربەخۆیی سکۆتلەندە

بەدوای ساخبوونەوەیBrexit ی بەریتانیای مەزن لەEU ، جارێکی تر پرسی سەربەخۆیی لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفەڕاندۆمەوە لە سکۆتلەندە هاتەوە بەر باس.

دیارەسکۆتلەندیتەکان ساڵی ٢٠١٤ یەکەم ڕیفەراندۆمی سەربەخۆیی خۆیان ئەنجامدا. بە ڕێژەیەکی کەم ٤٥% بۆ سەربەخۆیی و ٥٥% بۆ مانەوە لەگەڵ لەندەن دا دەنگ درا.

سکۆتلەندیتەکان لە ریفەڕاندۆمی Brexit دا بە ڕێژەی ٦٢% دەنگیان بۆ مانەوە لە EU ، واتە یەکێتی ئەوروپادا دا. ئەمەش ژمارەیەکی بەرچاوە و پێدەچێ هەمان ڕێژەی دەنگدەر لەئیستادا بۆ سەربەخۆیی سلکۆتلەندە دەنگ بدەن.

لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا، دوای ئەوەی کۆتایی مانگی ئاپرێل سەرۆک حکومەتی سکۆتلەندی Nocola Sturgeonوتی: پێش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان کە لە ٦,٥,٢٠١٢ ئەنجام دەدرێن، ئێمە ڕیفەڕاندۆمی دووەمی سەربەخۆیی خۆمان بۆ دەوڵەتی سکۆتلەندە و مانەوە لە EU دا ئەنجام دەدەین. لە ئیستاوە بۆ ئامانجەکەمان هەوڵیگرتنەبەر و ئامادەکاریی ڕێوشوێنی یاسایی دەدەین.

ئەم هەنگاو و ئامانجە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیقسەوباسیزۆر هەڵدەگرێ...

لە ئێستادا هێندە بەسە بڵێم : هێزی باوەڕ و ویستی بەنەتەوەبوون و بوونەخاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەمردووە و بەسەرناچێت...

سیستەمی بەناو دیموکراسی هەزاران هەزار دروشمی گلۆبالیزە و سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاری بنخان و سەرخان لەم گەردونەدا، ناتوانێ ئاوات و ئامانجی نەتەوەیەکی ئازادیخواز لەگۆڕ بنێ...
سڵاو لە ویستی سەربەخۆخوازی نەتەوەی سکۆتی و هەموو نەتەوە بندەستەکانی جیهان...
بۆ خوێنەرانی ئینگلیزی زان دەتوانن تەماشای ئەم لینکە بکەن.

https://www.theguardian.com/politics/٢٠١٩/may/٠٤/glasgow-march-scottish-independence-under-one-banner